# ئاسۆکانی خوێندنەوەی دەق

## شیعر لەبەر تیشکی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا

عەلی قاسمی
(نەغەدە)

شیعر ڕوویکەردێکی جوانیناسانەی زمانییە کە تەنیا خۆی توانای پێناسەی خۆی هەیە ئەگینا زۆر بە هاسانی لە زمانی ئاخافتن و پێوەندی نەدەکراوە، شیعر تەنیا و تەنیا کاتێک مانا بەرهەم دێنێ کە وشە لەگەڵ وشەکانی بەر و دوای خۆی لە کارکردێکی میکانیکیدا بن، بە وتەیەکی تر، وشە لەناو شیعردا بە سەرنجدان بە تەوەرەی هاونشینی (حضور) و تەوەرەی جێنشینی (غیاب)دا و لە تەک وشەکانی تردا دەتوانن لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی ماناد‌ا دەورگێڕ بن، ئەویش بە گوێرەی خوێندنەوەی خوێنەر.

تۆدۆرۆف دەڵێ: «زمان نیزامێکی سەمبولیکی پلەیەک و ئەدەبیات نیزامێکی سەمبولیکی پلەدووە» (١). بەپێی ئەم بۆچوونە، ڕاستە ماکە و پێکهێنەرەکانی ئەدەبیات- شیعریش وەک ژانرێکی ئەدەب- لەناو زماندا دەگۆڕێن، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە دواتر و دوای داڕێژران لە زمانی ئاخاوتن دەبنەوە و لە پڕۆسەیەکی تری زمانیدا، بە شێوەی زنجیر لە ماوەیەکی زەمانی دووروودرێژدا تێکەڵ بە زمان دەبنەوە و دەسوێن و کارکردی جوانی ئەدەبیاتیان نامێنێ، هەر تۆدۆرۆف دەڵێ: «ئەوەندەی زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتن زیاتر دوور کەوێتەوە، هەم بەم پێیە ڕادەی ئەدەبیەتی زیاتر دەبێتەوە(٢).

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: تۆ بڵێی ڕادەی تێگەیشتن لە شیعر بە لای هەموو خوێنەرانەوە وەکو یەک بێ؟ تۆ بڵێی هەموو شیعرێک بە هاسانی و بەبێ هەبوونی پاشخانێکی تیۆریک خۆی بەدەستەوە بدا؟ تۆ بڵێی بۆ وێنە، ئەو کەسەی بە هاسانی لە شیعری (هێمن) دەگا، هەر بەم هاسانییەش بتوانێ خەوە بەردینەی (سوارە) بخوێنێتەوە؟

ئێمە دەتوانین خوێنەری دەقە ئەدەبیەکان بە دوو دەستەی کارا و ناکارا دابەش بکەین، هەر لە بەرایی ئەم دابەشکردنەدا دەتوانین ئاوا باس لە شیعر و خوێنەر بێنینە ئاراوە:

١-شیعری کارا.
٢- شیعری ناکارا.
٣- خوێنەری کارا.
٤- خوێنەری ناکارا.

بەم شێوەیە چوار جۆر پێوەندی دەگەڵ شرۆڤە و مانا دێتە ئاراوە:



(أ) لە دەستـەی یەكـەمـدا هەم خـوێنەر و هەم دەق بە چالاكی لە گۆڕەپاندان و دەق توێژە جیاجیاكانی مانای لە هەناوی خۆیدا حەشار داوە كە بەبێ شارەزایی خـوێنەر، ئەدەبیـەتی دەق خـۆیا نابێ و بە تێگەیشـتنی باو لە شیعری ڕابردوو، ئەم شیعرانە خۆیان بەدەستەوە نادەن.
نموونەییەک:

**نیاز**
**«ئەوەندەی تینوویەتی گوڵێ**
**نە بۆ هەور**
**نە بۆ زەریا**
**- خۆشەویستە ئاو-**
**بە قەت گۆرانی شنە با**
**نە بۆ شەڕ و**
**نە بۆ ئاشتی**
**- گەورەیە خاک-**
**وەکو پێکەنینی منداڵ**
**نە بۆ مەرگ**
**نە بۆ ژیان**
**- جوانە دایک-**
**ئەوەندەی ئازادیی مرۆڤ**
**نە بۆ پەرەستن**
**نە بۆ لارێ بوون**
**- عاشقەخوا-(٤)**

ڕاستە تیۆری پێكهاتەشكێنی دریدا، باسی حزوور و غیاب و دوو جەمسەری بوونی فەلسەفە هەر لە چاخی كۆنەوە تا ئیمرۆ دەكا، بەڵام لە گشتیترین باسدا دەڵێ: ئەگـەر بۆ وێنە بیناسـازێک بچـێـتە ناو بینایەكـەوە و بیناكـەی بە كـەیف نەبێ، دەڵێ ئەگـەر من بام، هەر بەم كەرەسەگەلە بنیایەكی تر، بە پێكهاتەیەكی ترم دروست دەكـرد- دیارە باسـەكـەی دریدا لەسـەر نڤـیسـار و فەلسەفەیە- سەیركەن شاعیری شیعری «نیاز» چۆن چۆنی مـهـەندسی شیـعـرەكەی كـردووە و بۆ خـوێندنەوەی پێكهاتەشكێنانە ئەم شیعرە چۆن خۆی بەدەستەوە دەدا:
خوێندنەوەی(١)
**ئەوەندەی تینوویەتی گوڵێ**
**- خۆشەویستە ئاو-**
**بەقەت گۆرانی شنە با**
**-گەورەیە خاک-**
**وەکو پێکەنینی منداڵ**
**- جوانە دایک -**
**ئەوەندەی ئازادیی مرۆڤ**
**- عاشقە خوا -**

خوێندنەوەی(٢)
**نە بۆ هەور**
**نە بۆ زەریا**
**- خۆشەویستە ئاو -**
**نە بۆ شەڕ و**
**نە بۆ ئاشتی**
**- گەورەیە خاک -**
**نە بۆ مەرگ**
**نە بۆ ژیان**
**- جوانە دایک -**
**نە بۆ پەرەستن**
**نە بۆ لارێ بوون**
**- عاشقە خوا -**

خوێندنەوەی (٣)
**- خوشەویستە ئاو -**
**- گەورەیە خاک -**
**- جوانە دایک -**
**- عاشقە خوا -**

خوێندنەوەی(٤)

**- خۆشەویستە ئاو-**
**نە بۆ هەور**
**نە بۆ زەریا**
**- گەورەیە خاک-**
**نە بۆ شەڕ و**
**نە بۆ ئاشتی**
**- جوانە دایک-**
**نە بۆ مەرگ**
**نە بۆ ژیان**
**- عاشقە خوا-**
**نە بۆ پەرەستن**
**نە بۆ لارێ بوون.**

خوێندنەوەی (٥)
**نە بۆ زەریا**
**نە بۆ هەور**
**ئەوەندەی تینوویەتی گوڵێ**
**- خۆشەویستە ئاو-**

**نە بۆ شەڕ و**
**نە بۆ ئاشتی**
**بە قەت گۆرانی شنە با**
**- گەورەیە خاک -**
**نە بۆ مەرگ**
**نە بۆ ژیان**
**وەکو پێکەنینی منداڵ**
**- جوانە دایک -**
**نە بۆ پەرەستن**
**نە بۆ لارێ بوون**
**ئەوەندەی ئازادیی مرۆڤ**
**- عاشقە خوا -**

ئەم شیعرە بەم پێکهاتە دەوڵەمەندەوە لە ڕواڵەتدا ساکار دێتە بەرچاو، کەچی کاتێ تێی دەفکری و لایە جوانەکانی خۆیا دەکەی، تازە ئەم تاموچێژەی دەقێکی ئەدەبی دەیبەخشێ دەردەکەوێ، لە ڕاستیشدا خوێندنەوەی دەق، یانی دەرخستنی لایە جوان و تەکنیکاوییەکانی.

نموونەی دوو:

**سەربەخۆترین**

**«سامانی بێ سنووری پاک**
**هەزاران خوێن...**
**هەزاران سەر...**
**تا دزینت بۆ سەرم.**
**سنووری سامانی سەرم! دەتپارێزم**
**وەک سەربەخۆ نیشتمانێک**
**وەک ئاڵا،**
**ئاڵای نیشتمانم لەشەکانەوەدا**
**تا سەرکەوتنم**
**تا دزینت بۆ ئامێزم**
**من سەربەخۆترین دز**
**لە لەشتا**
**لە چاوتا**
**لە قووڵاییت... تێدەپەڕم**
**ئەوسا هەموو تۆیەک لە خۆما**
**هەموو ساتێک لەگەڵما**
**ئەی بێ سنووری پاک**
**ئەی دزراو...».(٥)**

خوێندنەوەی نموونەی دوو:

شیعری «سەربەخۆترین» لە ڕاستیدا شیعرێکی غنایيە کە هەر لەسەرەتاوە بە سێ کۆپلە دابەشی دەکەین:

**١- سامانی بێ سنووری پاک**
**هەزاران خوێن...**
**هەزاران سەر...**
**تادزینت بۆ سەرم.**

**٢- سنووری سامانی سەرم! دەتپارێزم**
**وەک سەربەخۆ نیشتمانێک**
**وەک ئاڵا.**

**٣- ئاڵای نیشتمانم لە شەکانەوەدا**
**تا سەرکەوتنم**
**تا دزینت بۆ ئامێزم**
**من سەربەخۆترین دز**
**لە لەشتا**
**لە چاوتا**
**لە قووڵاییت... تێدەپەڕم**
**ئەوسا هەموو تۆیەک لە خۆما**
**هەموو ساتێک لەگەڵما**
**ئەی بێ سنووری پاک**
**ئەی دزراو..**

لە کۆپلەی یەکەمدا ئامادەبوونێک ڕادەگەیەنرێ تا گراوییەکەی تەنانەت ئەگەر بەنرخ و بایی هەزاران خوێن و هەزاران سەریش تەواوبێ، بەسەری بسپێرێ، دیارە دێڕی «تا دزینت بۆ سەرم» ئەگەر بگەڕێندرێتەوە بۆ «دزینت بۆ ئامێزم» ڕەنگە لە بواری ماناییەوە جوانتر بتوانێ خۆی بەدەستەوە بدا، هەرچەندە ئێمە چاک دەزانین شتێک کە لە ئامێزدا دەشاردرێتەوە، حەشاردانی چەندە سەختە، هەربۆیە لە دێڕی یەکەمدا «سامانی بێ سنووری پاک» واتە ئەویندارەکەی دەزەین و سەریدا دەشارێتەوە تا ئەوکاتەی دەبێ بیدرکێنێ.

لە کۆپلەی دووەمدا «سنووری سامانی سەر» واتە ئەویندارەکەی دەپارێزێ وەک نیشتمان و ئاڵاکەی، کە ڕۆڵەکانی لەپێناو سەربەخۆیی ئەودا ئامادەن سەریان ببەخشن.

لە کۆپلەی سێیەمدا ئەوین دەبێتە گرکانێک «ئاڵای نیشتمانم لەشەکانەوەدا» گراوی ڕاست ویست و ئارەزووەکانی وەدیهێناوە، بەڵام ئەم پێکگەیشتنەی کە پێویستە زەمانی نەگەییوە، هەربۆیە جارێ سەربەخۆترین «دزە» /لە لەشیا/ لە چاویا.

ئەوە دوای زەماوەند کە «ئەوسا هەموو تۆیەک لەخۆما»، «هەموو ساتێک لەگەڵما»، «ئەی بێ سنووری پاک» ئەی «دزراو» لەو...

پێکهاتەی کۆپلەکانی شیعری «سەربەخۆترین»:

(١) **گۆرانی عیشق و ئەوین**

↓

(٢) **پاراستنی وەک نیشتمان و ئاڵا**

↓

(٣) **زەماوەند و پێک گەیشتنی دوو دڵدار و بەیەکەوە بوونی هەمیشەییان**

جارێ ئەگەر بمانهەوێ باسی زاوزێی وشە و بەکاربردنی هەر وشەیەکی بە توێژ و لایەیەکی ماناییەوە بکەین هەویرێکە ئاوێ زۆر دەبا، تەنیا دوو نموونە دێنینەوە:

١- وەک سەربەخۆ نیشتمانێک
وەک ئاڵا.

«نیشتمان» و «ئاڵا» بە ئامرازی لێکچواندن «وەک» پاراستنی یاریان پێ شوبهێندراوە.

٢- ئاڵای نیشتمانم لەشەکانەوەدا
بە مانای گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانییەتی.

(ب) ئەگەر پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ شیعرێکی ساکار بێتە ئاراوە، ئایا دەتوانێ لە بواری چالاکی بەخشییەوە ڕاست ئەم خەسڵەتەی هەبێ کە لە بەشی «ئەلف»دا ئاماژەمان پێکرد؟ سەرنجێکی ئەم دوو شیعرە بدەن:

نموونەی یەک:

**پیرۆزبایی**

**«وا نەورۆزە..**
**هەست و نەستم لە دووری تۆ..**
**هەر مەپرسە چەند ئاڵۆزە**

**بەڵام بۆ دڵدانەوەی من**
**هێندە بەسە..**
**لێم قەبووڵ کەی..**
**سڵاو و جێژنە پیرۆزە»** (٦)

نموونەی دوو:

**ڕاگواستن**

**«جاران بەهاران، خێڵ بەرەو ژوور بوو**
**جێگای هەواریان، کوێستانی دوور بوو**
**نە کۆچ ما، نەخێڵ، نە کوێستان کردن**
**ڕەوەند بە ئاوی گەرمەسێر مردن»** (٧)

ئەگەر ئەم دوو شیعرە بدرێ بەدەستی خوێنەرێکی کارا و ڕەخنەگرێکی چالاک دەتوانێ چی لێهەڵکرێنێ؟ یان با بڵێین چ خوێندنەوەیەکی بۆیان دەبێ کە لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەخنەگر، یان خوێنەرێکی تر جیاوازی هەبێ؟ جگە لە شیعری دووەم کە ئەویش کاتێک بتەوێ لە بواری کۆمەڵناسییەوە لێکی بدەیەوە کە «دەسەڵات» کوێستان و جێ هەوارییی هەوارچییانی کردۆتە قۆرغ و پاوانی خۆی و خێڵ نەک هەر ناتوانن بەرەو ژوور هەڵکشێن، بەڵکو بە ناچار داگەڕاون و بەئاوی «گەرمەسێر» مردوون.

لێرە بە باوەڕی من خوێنەری کارا دەگەڵ دوو بەرهەمی سست و ناکارا بەرەورووییە کە هەردوو بەرهەم بە یەکجار خوێندنەوە خۆیان بەدەستەوە دەدەن. هەرچەندە شک لەم ڕاستییەدا نییە کە هەردوو شیعر هەستێکی ناسکیان تێدایە، بەتایبەتی لایەنی مۆسیقایی- نەک زمانی- شیعرەکان توانیویانە لە ڕازاندنەوەیاندا ڕۆڵ و نەخشی خۆیان بگێڕن.

(ج) لە دەستەی سێیەمدا، شیعری چالاک دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری ناکارا، خوێنەرێک کە ناتوانێ پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ شیعرەکە بگرێ، بۆیە هەر لەجێوە یا ڕەدی دەکاتەوە و وەک ناشیعر ناوی دەبا، یان خوێندنەوەیەکی وێرانی بۆی دەبێ. لێرەدا ئەم بۆچوونە وەڕاست دەگەڕێ کە هەر شیعرەی دەبێ بە تیۆری تایبەت بەخۆی و قۆناغی تایبەت بە خۆی بخوێندرێتەوە. بۆ وێنە تۆ بڵێی کەسێ کە لە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکدا شارەزا و کارایە، بتوانێ بۆ خوێندنەوەی شیعری مۆدێرنیش وا کارا و چالاک لە مەیداندا بێ؟ بە وتەیەکی تر تۆ بڵێی بە تیۆری خوێندنەوەی شیعری کلاسیک شیعری مۆدێرنیش بخوێندرێتەوە؟ بێگومان نا، چونکە ئەو کەسانەی لەگەڵ قۆناغە جیاجیاکانی شیعری نەیانتوانیوە بچنە پێش، وەک خوێنەری ناکارا لە کاتی خوێندنەوەی شیعری قۆناغەکانی تردا مامەڵە لە تەک دەقدا دەکەن. هەرچەندە خۆیان پێ خاوەنڕابێ، دەگەڵ کەسێک کە بۆ یەکەمجار ئەم جۆرە شیعرانە دەبینێ هیچ جیاوازییەکیان نییە. با ڕوونتر بڵێم، تۆ بڵێی کەسێ کە شارەزا و چالاکێکی بەتوانای بواری بەیتە چۆن مامەڵە لە تەک ئەم شیعرەدا بکا، ئەگەر تیۆری خوێندنەوەی شیعری قۆناغەکانی تری لەزەینیدا نەبێ؟ شیعرێک کە تەنانەت کەوانە کراوە و داخراوەکان و نوختەکانیش بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی شیعرەکە و پەیامی خۆیان بەگوێی خوێنەردا دەچرپێنن:

**کەچی..**
**«–باسی چیم ئەکرد؟**
**– خەریک بووی ڕازی کچە لێڵەکانی ناو مەعبەدە دوورەکانت**
**بۆ دەدرکاندم**

***   *   ***

**ئەم سەرە بابان وێرانەی من چەندە ڕازی**
**سەر بە مۆری تێدایە**
**[بیاندرکێنم**
**ئەگەر وشەم لە تەلیسمی ئەم قامووسە تێپەڕێ**
**ڕەنگی سوورم: (کچێنی ساردی بەلاڵووک و هەندێ شتی تریش**
**ئاوم: (دیوەخانی وەهم و کوڕی سەهۆڵ و هەندێ شتی تریش**
**مەرگم: (شتێکە ناهێڵێ چاوەڕوانی کچە سپییەکانی دوای من**
**بگا بە بلووغ هیچی تریش.)**
**درەنگان دەمهەوێ بەناو خوێنی وشەدا بگەڕێمەوە و کۆتاییم نەیە**
**کەچی لەشکرێک بەناومدا تێدەپەڕێ و**
**خاپوورم دەکا].(٨)**

(د) خراپترین شێوەی خوێندنەوە لە بەشی خوێنەری ناکارا و شیعری ناکارادا بەدی دەکرێ، چونکە هەر دوو لا، لاوازن. نە شیعر توانایەکی لە ناخدا هەڵگری هەیە، نە خوێنەر توانای خوێندنەوەی شیعرەکەی هەیە، هەربۆیە بە خراپترین شێوەی خوێندنەوەی ناوزەد دەکەین.

**پەراوێزەکان:**

١– بوطیقای ساختارگرا، تزوتان تودوروف، ترجمەی محمد نبوی، مؤسسەی انتشارات آگاه، ص٣٣.
٢– هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
٣– بوطیقای نو جلد١، زیر نظر منصور کوشان، بهار(١٣٧٤)، رهیافت های معنایی شعر، محمد رضا محمدی آملی، ص٥٦.
٤– هەر هیچ تەنیا، دەفتەرە شیعر، محەمەد ئەحمەدی، چاپی عابید، ل٦٢.
٥– شینترین بەتاڵ، دەفتەرە شیعر، یوونس ڕەزایی، چاپی عابید، ل٩٨.
٦– نوقڵێ، دەفتەرە شیعر، غەریب پشدەری، چاپی ماردین، چاپی یەکەم (٢٠٠١)، ل(١٧٠).
٧– سەرچاوەی ژمارە(٦)،ل(١٧٤).
٨– سروە، ژمارە(١٩٥)، ڕەزبەری (١٣٨١)، ل(٤٢)، ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی.